# دانیشتن

## دانیشتنی کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵەو بزووتنەوەی دیموکراتیکیی یارسان لەنۆرویژ

ڕۆژی سێ شەمە ریکەوتی ٢یمانگی ئۆکتۆبر لەسەر داوای بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان کۆمیتەی نۆرویژ، دانیشتنێک لە نێوان کۆمیتەکانی دولایەندا هاتە ئاراوە، ئەم دانیشتنەلەسەر داوای کۆمیتەی نۆروێژی بزووتنەوەی یارسانلەشاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ هاتە ئاراوە.

ڕۆژی سێشەمە وەفدێک لە لایەنکۆمیتەی کۆمەڵە لەوڵاتی نۆرویژ کە پێک هاتبو لە حوسەین ئەمجەدی بەرپرسی ئیجرایی کۆمیتەی نۆرویژ، ئیبراهیم کۆنەپۆشی ئەندامی کۆمیتەو بەرپرسی پێوەندیە کوردستانیەکان، مەنسوور سۆفی ئەندامی کۆمەڵەو راوێژکاری کۆمیتەی نۆرویژ سەردانی کۆمیتەی بزووتنەوەی دیموکراتیکیی یارسانیان کرد، وەفدی کۆمەڵە کاتژمێر ٥ی دوانیوەرۆ لەلایەن وەفدی کۆمیتەی یارسان کە پێک هاتبو لە بەرێزان، حوسەینخەلیفە، هیوامورادی،گەلاوێژ وەلەد خانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان لەشوێنی کۆبوونەوەکە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا. پاشپێشوازی دولایەن وەفدی کۆمیتەی یارسان باسێکی تێرو تەسەلیان لە سەر مێژوی یارسان وچالاکی وتێکۆشانی خۆیان وراو بۆچونیان وهەروەهاروانگەو سیاسەتەکانی بزووتنەوەی یارسانیان لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا پێشکەش کرد، دواتر وەفدی کۆمەڵە پاش دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لەمەر ئەو دانیشتنە، لەسەر بارو دۆخی ناوچەکەو پێویستی هەڵسووڕانی زیاترو هاوکاری پتەوە لەنێوانیانداباسێکی کورتیان پێشکەش کرد، هەر دوولا لەسەر پێوەندی گەڕمو گور وهەنگاو هەڵهێنانەوە بۆ هاوکاری زیاتر لە داهاتو دا وکاری هاوبەش پێیان داگرت،بەلەبەر چاو گرتنی مێژوی دۆستایەتی لەنێوان دولایەندا جەخت کرایەوە کەبۆ راگرتن وبەهێزتر کردنی ئەو دۆستایەتیەپێویستە دانیشتن وهاوکاری دوولایەن زیاتر ئەنجام بدرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر هەندێک پێشنیار بۆ کاری زیاتر

وكـــردەوەی زيـــاتر بـــۆ ناســـاندنی دۆزی رەوای كـــورد بـــە رای گشـــتی دولايـــەة ســـاق بوونـــەوە، كۆبوونـــەوەكـــە لـــە كـــەشـــو هـــەوايـــەكـــی زۆر دۆســـتانەی خۆماڵيانـــەدا پاش ٣ كاتژمی كۆتايی پێهات.

## كۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران
## كۆميتەی ڕێكخراوی نۆروێژ

۴ی۱۰ی۲۰۷ی زاينی


www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com

**Adres:** Komala Postboks 115 linderud 0517 Oslo norway
**Account nr:** postbanken 05355661913
**Tel:** 922 800 25